# شەونم

هۆنراوەی (61)

دلا رفیق سفر بخت نیکخواهت بس

دڵم ! ڕەفیقی سەفەر بەختە ،  دەس بدا بەستە
شنێکی باخچەیی شیرازی خوش هەوا بەستە
ئیتر لە مەنزڵی دڵبەر نەچیتە دەر دەروێش !
تەریقی سۆفیەتی و کونجی خانەقا بەستە
هەوای وڵاتم و پەیمانی دۆستەکانی قەدیم
لە لای ڕەفیقەسەفەریان دوو عوزری وا بەستە
وەلای سەرووکەوە دانیشە لێدە جامی شەراب
ئەوەندە بەهرە لە دنیای بێ بەقا بەستە
ئەگەر لە سووچی دڵت خۆی مەڵاس بدا خەفەتێک
لە دەرکی پیری موغان بچیە ژوور پەنا بەستە
تەمای زیادی مەکە و کاری خۆت سەهل بگرە
گڵێنەیەک مەی و یارێکی باوەفا بەستە
فەلەک بە کۆمەڵی نازان دەدا مراد و مەرام
ئەتۆ کە دانش و فەزلت هەیە خەتا بەستە
ئیتر بە ویرد و دوعا نیتە حافزا پێویست
بەیانە دەرسەکەت و نیوەشەو دوعا بەستە

حافزی حەقیقی